KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# ئەوینێکی تاکلایەنی

حەمەسەعید حەسەن

وەرە سەیری دڵم بکە،

بزانە غەیری وێنەی خۆت

هیچ دەبینی؟

وەرە لای من

هەموو شتێ جێی گومانە،

تۆ، یەقینی،

وەرە توو چاوی لاورە، ‹١›

وەرە توو سەری دیک چینی. ‹٢›

وەرە، ئەمرە،

هەر چیت فەرموو،

وەرە من لە ئاستی تۆدا

ملم باریکترە لە موو،

وەرە هەر تۆ زویر نەبی،

وەرە هەر تۆ

ترۆم نەکەی وەک چەلەبی،

قایل دەبم

بە مۆدێلی ئوستانفیدرال،

پیرۆزت بێ بووکی کەرکووک،

پێشکەشت بێ نەفتی شیمال.

2004. 06. 16

‹١› ژنی سەرۆک بوش.

‹٢› جێگری سەرۆک بوش.